# دوا گۆرانی شار

**بۆ 3/16 هەموو ساڵێك كە لەنێوان من وشاردا مانایەكی تر هەیە بۆ ژیان ئەویش مردنە ، مردنێك جیاواز لە مردنەكانی تر ،لەوانەیە خەویش بێت و ئێمە گەوجانە تەفسیری بكەین ،مرۆڤ چۆن دەبێت بمرێت لەكاتێكدا لەماناكانی ژیان نەگەشتبێت............**




نامق هەورامی
namqhawramy@hotmail.com


نازانم تەرزی كام خەیاڵ بەباڵای كامە ئازارا
بئاڵێنم
تۆوی كام خەونی ئەبەدی ،
لەكامە كێڵگەی برینا بڕوێنمەوە ؟
كام پۆلە پەپولە بدوێنم ، ئەوانەی كە دۆنای رۆحن و
بەسەر بەژنی مەزاری زاری برین و
سوتانەوە هەڵبیشتون
یا پەروانەی دەروازەی ئەو روانینانەی داخران و نەكرانەوە ؟
لە چ میحرابێكەوە دەستی نزا بۆ سوكنایی ئەم ئازارانە هەڵبڕم
لە میحرانی مزگەوتەوە ،
یا لەجەستەی سیازوخاڵی دایكمەوە
كەلەتاو ئەو ئازارەدا چەمایەوە ...!!!!

**یەکەم رەوە هۆردوی لم لێرەوە تێپەڕی و**

**یەکەم برینی لە جەستەت نا ...**

**ئەوە نییە .. بۆنی جوانیەکانت نەمان ،**

**سەداو نێڵەی ئاور نەما ....**

**ئەمێستاکەش بۆنی سیرو**

**خوێنی تیرو**

**بریسکەی شیرو**

**بۆنی ئایدیای پەککەوتەو پیر**

**کاسی کردووی ...!**

**لەوەتەی هەیت لەتەك پێکەنیندا دەگری و**

**بەگریانیش پەترۆی چی زەخمی کۆنەتە**

**دەکولێتەوە ...**

**لەوەتەی هەیت ..**

**چاوانت بەرایی نادەن**

**لە ( ئەشکەوەڵ) ی خەیاڵتا**

**سەیری تەمورەی شکاوو گوێ لەناڵەی تارەکانی**

**جەمخانەکەی هاوار بگریت...**

**ئەحمەد موختاری جاف دەڵێت :**

**رۆژی دەیان پۆلە کچ و کوڕی شارم**

**بە باڵای ئەو هاوسێ شەڕانگێزەی منا**

**دەستەو دامەن .. دامەن گیرن**

**من بەگزادەی جافانی شار**

**ئەمێستاکە..**

**ئەوان میرن .. خاوەن تیرن**

**خودان بیری چون زنجیرن**

**کەچی من لانکەی برینم ژەنگاویە ...!!**

**هەموو ساڵێك سوێی ئازارێ دەمتاسێنێت**

**ئازاری سەفەری ژنێکی سەرهەڵگرتوی ئەنفال**

**لەسەفەرێکی بێکۆتایی بیاباندا**

**(پێدەچێت ئەوە دایکم بێت) و**

**لەو سەفەری فەتوایەدا**

**بوبێتە کەنیزەکی عاگوڵ**

**ئالەو سارایەی عەرعەر ا**

**یان لەدڵی**

**شێداری لمی ئەوێدا توابێتەوە....**

**لەو رۆژەوەی رەوە هۆردوی بیابان هات و**

**لێرە هەواری خۆی هەڵدا**

**نالی دار عەساکەی ون کرد**

**کەسێ سۆراغی نازانێ**

**دەبێت ئێستا نەبوبێتە داری دەستی**

**شوانکارەیەکی بەدەوی و وشترەوانێك؟**

**سڵاو ...**

**شێته گۆرانییەکانی مەستی و**

**هەناسە ساردەکانی عەشق .. سڵاو**

**گوڵە هەنارە رەش داگەڕاوەکانی گوڵان و**

**سنەوبەرە خەمبارەکانی باخی میر ...سڵاو**

**چەندین ساڵە حەبیبە سۆمای چاوانی ون کردوەو**

**شەوانە دێ و سەرگۆڕەکەی حەمدونی بۆ دەگەڕێت...**

**لەوەتەی بیرم دێت ،**

**چی گریانە لە پێکەنینی تۆ دەچن،**

**هەرچی لیمۆی خەواڵوە ،**

**رەنگیان رەنگی تۆی گرتوە و**

**کەسێ ژیریان ناکاتەوە ...**

**ئەی غەریبی بەجێماوی گۆرانیەکان ،**

**هەناسەی ساردی باخی میر ،**

**هەڵەبجەکەم**

**2006/3/10**